کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 18:29 18-6-2007

## وەڵامێک بۆ وەزارەتی شەهیدان، لەسەر تەرمی ئەنفالکراوەکان ... نەبەز گۆران

بەرێزان ڕونکردنەوەکەتانم خوێندەوە، ئەوەی سەیربوو لەلام ئەوەبو نەتان توانی بوو بەناوی وەزارەتەکەتانەوە ڕونکردنەوەبدەنن، هەڵسابون بەناوی سەرچاوەیەکی ئاگادار لەدادگای ئەنفال قسەتان کردبوو، کەدڵنیم دادگای ئەنفال چەند ئاگای لەمەرگی خۆی هەیە هەرهێندەش ئاگای لەو ڕونکردنەوەیە هەیە، دوو رۆژ بەرلەئێستە برادەرێکتان لەوەزارەت تەلەفۆنی بۆچەن رۆژنامەیەك کردبوو ئەو رۆنکردنەوەی بۆدابەزێنن کەوەڵامی نووسینەکەی منە، بەڵام دیار بوو رۆژنامەکان ئامادەنەبووبون ئەو کارەبۆئەو وەزارەتەبکەین، بۆیە ناچاربوو بەناوی خوازراوەوە لەسایتەکان دایبەزێنن.
لەڕونکردنەوەکەتاندا هەندێك دەستەواژەتان بەکارهێناوە ئامادەنیم وەڵامیان بدەمەوە، بەڵام دڵنیابن ئەو تەرمانە لەو مەخزەنەبوون کە من باسیم کرد و وێنەکانیشم لەلایە بۆیە بڵاویان ناکەمەوە پێمخۆش نیە لەوەزیاتر فشارتان بخەمە سەر، دەبێت ئێوەش سوپاسی ویژدانم بکەن، چاك دەشزانم دوای وتارەکەی من هەڵسان سەجەم تەرمەکانتان گواستەوە بۆ (توب عەدلی) (دادی پزیشکی) دەبوایە پێشتر هەرلەوێبونایە نەك ئێستە بیان گوازنەوە بۆئەوی، گەرپێشتان وابێت ئێمەلەخۆمانەوە قسەدەکەین ئەمە هەڵەیەکەو توشی ئێوەبوە، زۆربەئاگایەوە مامەڵەلەگەڵ رۆداوەکاندا دەکەین و زۆریش باش دەزانین ئەم تەرمانە چۆن گوازراونەتەوەو بۆچی تاکوئێستە ئەمسەرو ئەوسەریان پێدەکەن.
جەنابی وەزارەت حیکمەت لەوەدانیە ئەم تەرمانە لەکوێن، حیکمەت لەوەدایە بۆچی دوومانگە هەڵگیراون و لەخەلك دەشاردرێنەوە، یان بۆچی تائێستە قسەتان لەسەرنەکردون و بەخەڵك بڵێن حاڵەتێکی واهەیە و لای ئێمەیە، بۆچی دوای وتارەکەی ئێمە ئاگرتان تێبەربوەو دەتانەوێت ئەم کێشەیە پینەبکەن، هەرچەندە ئەمە بەڕونکردنەوە و بەهێرش کردن بۆسەر وتارێکی ئێمە راستیەکان ناشاردرێنەوە، گەرشتێکیش بۆئەنفالکرابێت کەنەکراوە، مەیکەن بەمنەت بەسەرمانەوەو ئەرکی حکومەت گەرئەوەش نەبێت ئەی چیە؟! وەئەو وەزارەتەش بۆئەوەدانراوە ئیش بۆئەنفال و خاوەن شەهیدەکان بکات نەك بۆئەوەی هەرکارێکی بچوکی کرد لەڕونکردنەوەکاندا بیداتەوە بەڕوی ئێمەدا و خۆی بکاتە پاڵەوانی یارمەتی دانی پرۆسەی ئەنفال، من قەد بەئێوەناڵێم دەستان خۆش، چونکە ئەرکی خۆتانەوە بۆئەوەش لەوی دانیشتون ئەوکارانەبکەن، گەر پێشتان ناکرێت بفەرموون چۆڵی کەن باخەڵکێکی دی بێتەشوێنتان، خەڵکانێکی زۆرهەیە لەومەجالەدا کاردەکەن و هەرگیز نەشمان بینی منەت بەسەرکەسدابکەن، هیواداریشم گەرجارێکی دی ڕونکردنەوەتان نووسی بەناوی خۆتنانەوە بینووسن، ئەوتەرمانەش کەئێستە براونەتە (دادی پزیشکی) دەبێت کەسوکاریانیان لێ ئاگاداربکرێتەوەو هەربەو ئاسانیە شوێناو شوێنیان پێنەکرێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.